اَلْخٰسِرُونَ

نوسینین و ئامادەکردنی

بـــــارۆ

ٱلخَٰسِرُونَ

دۆڕاوەکان

نوسین و ئامادەکردنی

بارۆ

دیزاین

احمد

٢٠٢٤/٦/٢٨ ٢٢ ذوالحجة ١٤٤٥

بِسْمِ اللَّـهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

پێشەکی

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ) [آل عمران: 102]

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا)[النساء: 1]

(يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا *يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا)

[الأحزاب: 70 و71]

أما بعد

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد صلى الله عليه وسلم، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق بێجگە لە اللە سبحان و تعالی وە شایەتی دەدەم کە محمد ﷺ نێردراو و هەڵبژێردراو و بەندەی اللە یە.

مسوڵمانانی بەڕێز برایان و خوشکانی دلسۆز السلام علیکم ورحمة اللە وبرکاتة : سوپاس و ستایی بێ کۆتا بۆ خوای پەروەردیگاری جیهانیان وە صەڵات و سەلامی خوای بێ هاوتا بڕژێ بەسەر پێغەمبەری ئازیز و خۆشەویستمان صل اللە علیە وسلم سوپاسی خوا دەکەم ئەمجارەش دەرفەتی دام بێمەوە خزمەتتان بە پشتوانی اللە تعالی باسێکی گرنگ لەم کتێبە دەخەینە بەر دیدی ئێوەی سەنگین ، وەك ئاشکرایە کتێبی یەکەمم باسی الفائزون (سەرکەوتوەکان) بوو لەم کتێبە ئەوەم بە باش زانی باسی دۆڕاوەکان بکەم لەبەر ئەوەی هەمومان دەزانین لە قیامەت و ڕۆژی حەق و حیساب هەر ئەو دووە هەیە یان سەرکەوتوی یان دۆراوی شتێکی دیکە لە ئارا دا نیە داواکارم لە پەروەردیگار سەرکەوتوی قیامەتمان بکا اللهم امین لەم کتێبەش باسێکی دۆڕاوەکان

دەکەین ئەوەش لەبەر ئەوەی خۆمان بپارێزین و نەدۆڕێین لە ڕۆژی پاداشت و سزا پەنا بە اللە تعالی.

ئەم کتێبە : بیرۆکەی ئەم کتێبەش لەوەوە هات کە لە کتێبی یەکەمم زانیمان سەرکەوتوان کێن هەر بۆیە لەم کتێبەش ویستم بەرچاو ڕوون بین سەبارەت بە دۆڕاوەکانیش وە بزانین تا ئێستا ئێمە لە کام لایەنین ، ئەگەر لە لای دۆڕاوەکانیش بین ئەوە درەنگ نیە هەستە و تەوبەیەکی ڕاستەقینە بکە و با ئیتر لە لایەنی سەرکەوتوان بی چونکە کە تا ئێستا دەژی ئەوە خوای گەورە دەرفەتی پێت داوە تا بگەڕێیەوە و پەشبمان ببیەوە و بێیەوە لایەنی سەرکەوتوان اللە تعالی هەموو لایەکمان سەرکەوتو بکات.

بەشی یەکەم

الخَسِرُونَ (دۆڕاوەکان)

الخاسر : دۆڕاو

الخاسرون : دۆڕاوەکان

دۆڕاو کێیە : لە ڕاستی دا کەسی دۆراو ئەو کەسەیە کە گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی خوا نەبوبێ وە خۆی نەپاراستبێ لە قەدەغەکراوەکانی خوا لە بەرامبەر ملکەچ و گێڕایەلی فەرمانەکانی شەیتان بوبی و بە هەمان شێوەش ملکەچی هەوا و ئارەزوو و نەفسی بووبێت ئەو کەسانە دۆڕاون لە قیامەت پەنا بە اللە سبحان وتعالی لە زۆر شوێن لە قورئانی پڕ حیکمەت خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکا کە دۆڕاون بە ئیزنی اللە دەیانخەینە ڕوو تا لەوان نەبین ناوی سورەت و ژمارەی ئایەت و تەفسیرە کوردیەکەش تا بە تەواوی حاڵی بین.

یەکەم : خوای گەورە دەفەرموێ {لَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ}

[البقرة : 121

دەستەیەك لەوانەی کتێبمان پێبەخشیون (قورئان) بەچاکی و بەوردی دەوری دەکەنەوە، ئەوانە باوەڕیان پێی هەیە ئەوە ئیماندارن بەڵام ئەوەی بڕوای پێی نەبێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندەکانن. لەم ئایەتە خوای گەورە بە ڕوونی باسی ئەو بابەتەی کردووە کە هەر کەسێك بروای بە قورئان نەبێت ئەوە کافرە و لە دۆزاوان دەبێت.

دووەم : خوای بەرز دەفەرموێ {أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ فَلَا يَأۡمَنُ مَكۡرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [الأعراف : 99]

جا ئایا دڵنیاو بێباک بوون لە نەخشەو پلانی خوا (لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ یان لەسەر ئاستی حوکمەت و گەلان)؟! جا کەس بێباک نابێت لە نەخشە و پلانی خوا جگە لە قەومی خەسارەتمەندان نەبێت. مەبەست لە نەخشە و پلان لێرە ئەوەیە کە خەڵك نابێ لە سزای خوا ترسی نەبێ ، یانی هەر چی تاوان و خراپەیە بیکەی و چاوەڕێی سزای خوا نەبی ، ئەو پەیامەی خوای گەورە ئەوەی تێدایە کە بترسن لە سەرەنجامی تاوان سزای اللە سبحان و تعالی بە ئێش و ئازارە کە وابوون ئەوە لە دۆزاوەکانن.

سێیەم : خوای بڵند دەفەرموێ {ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦۚ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [البقرة : 27]

ئەوانەی پەیمانی خوا (کە لە ڕووی فیترەت و سروشت و پەیامەکانی خواوە) هەیانە، (کە دەبێت خواناس بن) هەڵدەوەشێننەوە و پەیڕەوی ناکەن لەدوای بەهێزو پتەو بوونی، ئەو پەیوەندییانەش دەپسێنن کە خوا فەرمانی گەیاندنی داوە، لەزەویشدا تاوان و خراپە دەچێنن، ئا ئەوانە خۆیان زەرەرمەند و خەسارەتمەندن. ئا لێرەش خوای گەورە باسی ئەو پەیمانە دەکا کە لەنێوان ئەو و بەندە دایە کە دەبێت بەندە خواناس بێت و تاوان و خراپەکاری لەسەر زەوی نەکات ئەی ئەگەر کردی؟ بێ گومان دۆڕاو و سەرشۆر دەبێت بەرامبەر خوای خۆی.

چوارەم : خوای بە دەسەڵات دەفەرموێ { مَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [الأعراف : 178]

ئەوەی خوا ڕێنموویی بکات ئەوە هەر ئەو ڕێنموویی وەرگرە، ئەوەش کەگومڕای بکات ئەوە هەر ئەوانە زەرەرمەندن. لەو ئایەتە ئەوە دیارە هەرکەس هیدایەت وەربگرێ ئەوە اللە هیدایەتی داوە هەموی فەزڵ و ڕەحمەتی اللە یە ئەوەی گومراش بێت ئەوە لە دۆڕاوەکانە ، بێ گومان خوای گەورە باش دەزانێ کێ شایەنی هیدایەتە و کێ شایەنی گومڕاییە.

پێنجەم : خوای میهرەبان دەفەرموێ {لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلۡخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجۡعَلَ ٱلۡخَبِيثَ بَعۡضَهُۥ عَلَىٰ بَعۡضٖ فَيَرۡكُمَهُۥ جَمِيعٗا فَيَجۡعَلَهُۥ فِي جَهَنَّمَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [الأنفال : 37]

(بەسەرهات و ڕووداوەکان) بۆ ئەوەیە کە: خوا کەسانی دەروون پیس و ناپاک لەکەسانی دەروون خاوێن و پاک جیا بکاتەوە و پیس و ناپاکەکانیش لەسەریەک کەڵەکە بکات و هەموویان بدات بە مل یەکدا بۆ ئەوەی کۆیان بکاتەوە بەگشتی، ئینجا فڕێیان بداتە ناو دۆزەخەوە، ئا ئەوانە هەر خۆیان خەسارەتمەند و زەرەرمەندن. خوای تعالی لێرە فەرمویتی کە پاك و پیس جودا دەکەینەوە و پیسەکان دۆزەخین و دۆڕاون.

شەشەم : خوای بە ڕەحم دەفەرموێ {ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ كَانُوٓاْ أَشَدَّ مِنكُمۡ قُوَّةٗ وَأَكۡثَرَ أَمۡوَٰلٗا وَأَوۡلَٰدٗا فَٱسۡتَمۡتَعُواْ بِخَلَٰقِهِمۡ فَٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِخَلَٰقِكُمۡ كَمَا ٱسۡتَمۡتَعَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُم بِخَلَٰقِهِمۡ وَخُضۡتُمۡ كَٱلَّذِي خَاضُوٓاْۚ أُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ أَلَمۡ يَأۡتِهِمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَقَوۡمِ إِبۡرَٰهِيمَ وَأَصۡحَٰبِ مَدۡيَنَ وَٱلۡمُؤۡتَفِكَٰتِۚ أَتَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِۖ فَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ} [التوبة : 69]

(ئێوەش ئەی بێ باوەڕان) وەک ئەو بێ باوەڕانەن لە پێش ئێوەدا بوون، کە ئەوان لە ئێوە بەهێزتر بوون و مالّ و منداڵیشیان لە ئێوە زیاتر بوو، ئینجا ماوەیەک بەو بەشەی کە هەیانبوو ڕایانبوارد، ئێوەش ماوەیەک ڕاتانبوارد بە بەشەکەی خۆتان، هەروەک چۆن

ئەوانەی پێش ئێوە ڕایانبوارد بە بەشەکانی خۆیان!! ئێوەش ڕۆچوون لە ئارەزووبازیدا وەک چۆن ئەوان ڕۆچوون لە ئارەزووبازیدا، ئا ئەوانە هەموو کارو کردەوەیەکیان پووچەڵ بۆتەوە و بەکەڵکیان نەهات لە دنیاوقیامەتدا ئا ئەوانە هەر خۆیان ڕەنج بەخەسارن. خوای گەورە هەواڵی ئەوەمان دەداتێ کە گەلانی پێشوو لە ئێمە بەهێزتر بوون مالّ و منداڵیشیان زیاتر بوو بەلام بە هۆکاری گێرایەلی هەوا و ئارەزوو و نەفسیان بە هیلاك چون و لەناوچون و کردەوشیان بەتالّ بوویەوە و لە قیامەتیش سەرەنجام دۆراون.

حەوتەم : خوای تعالی دەفەرموێ {لَا جَرَمَ أَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [النحل : 109]

شتێکی ڕاستەو گومانی تێدانیە ئەوان لە ڕۆژی قیامەتدا خەسارەتمەندو ڕیسواو زەرەرمەندن. خوای گەورە لێرەش باسی ئەو کەسانە دەکا کە ژیانی دنیایان خۆش دەوێو دنیا هەڵدەبژێرن بەسەر دواڕۆژ کە ئەو کەسانە بەر خەشم و کینەی خوا دەکەون و لە دواڕۆژ دا دۆڕاون

هەشتەم : خوای تبارك و تعالی دەفەرموێ {قُلۡ كَفَىٰ بِٱللَّهِ بَيۡنِي وَبَيۡنَكُمۡ شَهِيدٗاۖ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۗ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱلۡبَٰطِلِ وَكَفَرُواْ بِٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [العنكبوت : 52]

لەوەودوا ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: تەنها) خوا بەسە شایەت بێت لە نێوانماندا (کە من پەیامەکەیم پێ ڕاگەیاندوون)، جا هەر ئەو زاتە زانا و ئاگایە بەهەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، ئەوانەش باوەڕ بە ناحەق و بە تالّ

هێناوە و باوەڕیان بەخوای (تاک و تەنها) نەهێناوە، ئا ئەوانە هەر خۆیان خەسارەتمەند و زەرەرمەندن.

لێرە باسی ئەو پەیامە حەقە کراوە کە پێغەمبەر ﷺ بۆی هاتوە و بەراستی و دروستی بە ئێمەی گەیاندوە جا ئەوەی وەری بگرێ و شوێنی بکەوێ ئەوە سەرکەوتوە ! ئەی ئەگەر شوێن بەرنامەی دیکە بکەوێ کە هەمو بەرنامەیەك بەتاڵ و پوچەڵە دوای ئیسلام ئەوە لە دۆڕاوەکان دەبێ پەنا بە اللە

نۆیەم : خوای بەرز دەفەرموێ {لَّهُۥ مَقَالِيدُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ} [الزمر : 63]

کلیک و جڵەوی ئاسمانەکان و زەویش هەر بەدەست ئەوە، ئەوانەش کە بێ باوەڕ بوون بە ئایەت و فەرمانەکانی خوا، ئا ئەوانە خۆیان ڕەنجەڕۆ و زەرەرمەندن. دۆراو ئەوەیە کە کافرە بەو دینە اللە تعالی دوپاتی دەکاتەوە کە دۆڕاوەکان کافر و موشریکەکانن کە هیچ ڕەحم و میهرەبانیەکی پەروەردیگار نایانگرێتەوە.

دەیەم : خوای بڵند فەرمویەتی {ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَٰنِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ} [المجادلة : 19]

ئەوانە شەیتان زاڵ بووە بەسەریانداو داگیری کردوون، بەو هۆیەوە یادی خوای لەبیر بردوون، ئا ئەوانە دەستە و تاقم و حزبی شەیتانن، ئاگادارین کە بێگومان دەستە و تاقم و حزبی شەیتان

خەسارەتمەند و زەرەرمەندن. لێرە خوای گەورە باسی ئەو کەسانە دەکا کە لایەنگری شەیتانن ئەوان زیکر و یادی خوایان فەرامۆش کردوە کە زیکر و یادی خواش زۆر شت دەگرێتەوە ئەوەی وا بێت ئەوە لە گروپ و تاقمی ئیبلیسە بێ گومان شەیتان و داروودەستەکەشی دۆڕاون لای اللە تعالی هیچ ڕەحم و بەزەیەکی اللە سبحان و تعالی نایانگرێتەوە.

یازدەم : خوای میهرەبان دەفەرموێ {يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ} [المنافقون : 9]

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، هەوڵ بدەن نە مال و سامانتان، نە ڕۆڵەکانتان، نەبنە هۆی ئەوەی کە لەیادی خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو کەمتەرخەمی و بێ ئاگاتان بکەن، جا هەرکەس لە یادی خوا کەم تەرخەمی بکات، ئا ئەوانە هەر خۆیان خەسارەتمەندو زەرەرمەندن. لەم ئایەتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مال و سامان و منداڵ و نەوە دەبتە هۆی ئەوەی کە یادی خوا لە بیر مرۆڤ ببەنەوە جا هەرکەسێك ئەوەی کرد ئەوە دۆڕاوە خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە ئەگەر مال و سامانیش کۆ دەکەیەوە ئەگەر منداڵ و نەوەشت هەبێ بەلام نەکەی لە زیکر و یادی اللە سبحان و تعالی بێ ئاگا بن و هەوڵی ڕەزامەندی اللە سبحان و تعالی نەدەن چونکە ئەو جۆرە کەسانە دۆڕاو و سەرگەردانن.

دوازدەم : خوای گەورە دەفەرموێ {ثُمَّ تَوَلَّيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۖ فَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَكُنتُم مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ} [البقرة : 64]

کەچی پاش ئەوانە هەمووی ڕووتان وەرچەرخاند لە ڕێبازی خوا، (پەیمانەکەتان شکاند)، ئەوکاتە ئەگەر بەزەیی و یارمەتی و فەزڵی خوا نەبوایە لە سەرتان، ئەوە دەچوونە ڕیزی خەسارەتمەندانەوە.
هەرکەس پشت بکاتە ئەو دینە هەر کەس بە ئەنقەست خۆی فێر نەکا هەر کەس ئامادە نەبێ حەق وەرگرێ لە دوای ئەوەی کە پێی گەیشت و زانی ئەوە مەترسیدارترین کارە ، ئەوەیشی کە هیدایەتی وەرگرتیە و حەقی قبوڵ کردیە وامەزانە زیرەکی و ئازایەتی خۆتە ئەوە فەزڵ و ڕەحم و میهرەبانی اللە تعالی یە کە وای لە تۆ کرد حەق وەرگری و شوێنی بکەوی.

سێزدەم : خوای گەورە دەفەرموێ {وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ} [آل عمران : 85]

جائەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لەقیامەتیشدا لە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە.
لێرەش اللە تعالی باسی ئەوەی کردوە کە بێجگە لە ئیسلامی قبوڵ نیە ووەرگیراو نابێ ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرا و ڕوونە لەسەر ئەوەی هەموو دینێك و بەرنامە و ڕێباز و ڕێگایەك بێجگە لە ئیسلام قبوڵ ناکرێ هەر کەسێکیش وەها بێت و بێجگە لە ئیسلامی قبول بێت ئەوە دۆڕاوە و خەسارەتمەندە.

چواردەم : خوای تعالی دەفەرموێ {يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ}
[آل عمران : 149]

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەوانە بن کە کافر و بێ دینن، ئەوە بەرەودوا دەتانگێڕنەوە و پاشگەزتان دەکەنەوە و لە دین وەرتاندەگێڕن، ئەوسا ئیتر بە دۆڕاوی دەگەڕێنەوە.سەیرکەن گوێرایەلی و دۆسایەتی کافر و موشریك چەند مەترسی دارە، سەیرکەن اللە تعالی چەند بە ڕوونی فەرمان دەکا لەو کارە دوور بین و گوێرایەلی کافران نەبین باشە لەبەر چی؟ چونکە سەرئەنجام وەك ئەوان ئێمەش لە دۆڕاوان دەبین.

پازدەم : خوای بەرز دەفەرموێ {ٱلْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ ۖ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِىٓ أَخْدَانٍ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ} [المائدة : 5]

لەمڕۆوە هەرچی خۆراکی چاک و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە و خواردنی ئەوانەی کە کتێبی ئاسمانیان پێدراوە بۆتان حەڵاڵە، خواردەمەنی ئێوەش حەڵاڵە بۆ ئەوان، ئافرەتانی داوێن پاک لە ئیمانداران و ئافرەتانی داوێن پاک لەوانەی کتێبیان پێدراوە پێش ئێوە (بۆتان حەڵاڵە) کاتێک مارەییان پێببەن، بەمەرجێک ئێوە پاک داوێن بن و داوێن پیس نەبن بەئاشکراو دووڕە پەڕێز بن لە دۆست گرتنی نهێنی بۆ داوێن پیسی، جا ئەوەی بێ باوەڕ بێت بەشەرعی خواو لەم حەرامانە خۆی نەپارێزێت، ئەوە ئیتر کارو کردەوە چاکەکانیشی پووچ دەبێتەوە و ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەتدا لە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندو دۆڕاوەکاندان. کۆمەڵە حوکمێك اللە تعالی باسی کردووە و ڕوونی کردۆتەوە ئەوەی پێی رازی بێت و گوێرایەڵ بێت و جێبەجێ بکات ئەوە ئیماندارە ئەوەشی رازی نەبێ و

دژی بێت و رەخنەی لێ بگرێ و خۆی نەپارێزی لە حەڕامکراوەکان ئەوە خەسارەت مەندە و لە ریزی دۆڕاوانە.

شازدەم : خوای میهرەبان دەفەرموێ {يَٰقَوۡمِ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡأَرۡضَ ٱلۡمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِي كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ وَلَا تَرۡتَدُّواْ عَلَىٰٓ أَدۡبَارِكُمۡ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ}
[المائدة : 21]

ئەی قەوم و عەشیرەتم بچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی (القدس)، کە خوا پێویستی کرد لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی، پاشگەز مەبنەوەو پاشەکشێ مەکەن تا خەسارەتمەندو زەرەرمەند نەبن.لێرەش لە بەسەرهاتی پێغەمبەر موسا علیه سلام کە لەگەل نەوەی ئیسرائیل قسە دەکات و دەڵێت بچنە ئەو زەویە پیرۆزە کە قودسە ئەوە فەرمانی الله سبحان و تعالی یە ئەگەر وا نەکەن ئەوە دۆڕاون و فرمانی خواتان شکاندوە.

حەڤدەم : خوای مەزن دەفەرموێ {فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ قَتۡلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصۡبَحَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ} [المائدة : 30]

سەرئەنجام نەفسی سەرکەشی هانیداو کوشتنی براکەی لاسادە و ئاسان کردو کوشتی، ئیتر خۆی خستە ڕیزی خەسارەتمەند و زەرەرمەندانەوە. خوای تعالی لێرە باسی ڕووداوی دوو کورەکەی پێغەمبەر ئادەم دەکات علیه سلام کەلێرەش باسی نەفس کراوە کە چەند سەرکەشە و توشی تاوانی دەکا تاوانیشی کرد و براکەشی کوشت و سەرئەنجامیشی دۆزەخە و لە دۆڕاوانە.

هەژدەم : خوای دەسەڵاتدار دەفەرموێ {وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ} [المائدة : 53]

ئەوسا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە (لەناو خۆیاندا بەسەرسامیەوە) دەڵێن: ئایا ئەو دووڕووانە ئەوانەن کە سوێندیان بە خوا دەخوارد و جەختیان لەسەر دەکرد کە گوایە بەڕاستی لەگەڵتانداین؟! کەچی کارەکانیان پووچەڵ بوەوە خەسارەتمەند و زەرەرمەند و مایە پووچ بوون. خوای تعالی مەترسی دوو ڕوویی خستیتە ڕوو کە مسوڵمانان سەرسام دەبن بە دوو ڕووەکان دەڵێن ئەی ئەوانە نەبوون کە خۆیان وا پیشان دەدا کە ئیمانیان هێناوە و سوێندیان دەخوارد کە لەگەڵ ئەوانن !! بێگومان دوو ڕوویی مەترسی دارە و هەرکەس وەها بێت دۆڕاوە.

نۆزدەم : خوای گەورە دەفەرموێ {قَالَا رَبَّنَا ظَلَمۡنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمۡ تَغۡفِرۡ لَنَا وَتَرۡحَمۡنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ} [الأعراف : 23]

(ئەوسا ئیتر هەردووکیان هەستیان بەهەڵەی خۆیان کردو) وتیان: پەروەردگارا ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد، خۆ ئەگەر لێمان خۆش نەبیت و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە، ئەوە بەڕاستی ئێمە سوێند بە خوا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانین. خوای گەورە لێرە باسی پێغەمبەر ئادەم و دایکە حەوا دەکا کاتێك لەو درەختەیان خوارد کە خوای گەورە لێیانی قەدەغە کردبوون کاتێکیش کەوتنە تاوانەکە داوای لێخۆش بوونیان لە خوا کرد و خوای گەورەش لێیان

خۆش بوو لە ئایەتەکەش بە ڕوونی دیارە ئەگەر لێخۆش بون و ڕەحمی اللە سبحان و تعالی نەبێ ئێمەی مرۆڤ لە دۆراوان دەبین.

بیستەم : خوای میهرەبان دەفەرموێ {وَقَالَ ٱلۡمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوۡمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعۡتُمۡ شُعَيۡبًا إِنَّكُمۡ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ} [الأعراف : 90]

دەستەی دەسەڵاتداران لە گەلی شوعەیب ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون وتیان: سوێند بە خوا ئەگەر ئێوە شوێنی شوعەیب بکەون، بەڕاستی ئەو کاتە ئێوە لە زەرەرمەندانن.

لێرەش باسی دەسەڵات دارانی ناو گەلی پێغەمبەر شوعەیب کراوە علیە سلام کە وتیان شوێنی پێغەمبەر شوعەیب بکەون ئێوە لە دۆڕاوان دەبن بێ ئاگا لەوەی خۆیان لە دەستەی دۆڕاوانن و کافر و سەرگەردانن ، لێرەش ئەوە بەڕوونی دیارە هەر کەس ئیدعای ئەوە بکا لە دەستەی سەرکەوتوانە مەرج نیە راست بکا ئەوەتە دەسەڵات دارانی گەلی پێغەمبەر شوعەیب ئیدعای ئەوەیان دەکرد هەر کەس شوێن پێغەمبەر شوعەیب بکەوێ لە دۆڕاوان دەبێ کەچی خۆیان لە گومرایی و کوفر دابوون و دۆڕاون.

بیست و یەکەم : خوای بڵند دەفەرموێ {ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَأَن لَّمۡ يَغۡنَوۡاْ فِيهَاۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيۡبٗا كَانُواْ هُمُ ٱلۡخَٰسِرِينَ}
[الأعراف : 92]

ئەوانەی کە بەرنامەی شوعەیبیان بەدرۆزانی و باوەڕیان پێی نەبوو (لەناو بران) هەروەک لەو ناوەدا نەبووبن و نەژیابن وابوو، ئەوانەی

كه شوعەييبيان بەدرۆزانى و باوەڕيان پێى نەبوو تەنها ئەوان زەرەرمەند و ماڵوێران بوون. لێرەش باسى لەناو بردنى گەلى پێغەمبەر شوعەيب دەكا كه باوەريان نەهێنا هەر ئاسەواريشيان نەما ئەوه سزا له دنيا و له قيامەتيش له ريزى دۆڕاوەكانن.

بيست و دوەم : خواى تعالى فەرويەتى {وَلَمَّا سُقِطَ فِيٓ أَيۡدِيهِمۡ وَرَأَوۡاْ أَنَّهُمۡ قَدۡ ضَلُّواْ قَالُواْ لَئِن لَّمۡ يَرۡحَمۡنَا رَبُّنَا وَيَغۡفِرۡ لَنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ} [الأعراف : 149]

كاتێكيش كه له دەستيان چوو و پەشيمان بوونەوه و (ڕاستييان بۆ دەركەوت و گوێرەكه بوو به پەند لەبەر چاويان) زانيان و دڵنيا بوون كه بەڕاستى گومڕا بوون و وتيان: سوێند به خوا ئەگەر پەروەردگارمان بەزەيى پياماندا نەيەتەوه و لێمان خۆش نەبێت، ئەوه بەڕاستى له زەرەرمەندانين. لێرەش بەسەرهاتى بەنى ئيسرائيل كاتێك پێغەمبەر موسا بەجێى هێشتن كه گەرايەوه بينى گوێرەكەيەك دەپەرستن ئەگەر لەسەر ئەو كاره بەردەوام بان دەچونه ريزى دۆڕاوان.

بيست و سێيەم : خواى مەزن دەفەرموێ {وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَتَكُونَ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ} [يونس : 95]

(هەروەها) نەكەيت بچيته ڕيزى كەسانێكەوه كه باوەڕيان به موعجيزه و نيشانەكانى (دەسەڵاتدارێتى) خوا نيه، چونكه ئەگەر وابيت، دەچيته ڕيزى خەسارەتمەند و زەرەرمەندانەوه. بەدڵنيايەوه يەك مسقال زەرە گومانت له دەسەڵاتى خوا هەبێ ئەوه تۆ دۆڕاوى پەنا به الله سبحان و تعالى.

بیست و چوارەم : خوای دەسەڵاتدار فەرمویەتی {قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ} [هود : 47]

(ئینجا نوح) وتی: ئەی پەروەردگارم، بەڕاستی من پەنا دەگرم بۆ تۆ کە داوای شتێك بکەم زانیاریم پێی نەبێت، خۆ ئەگەر لێم خۆش نەبیت و بەزەییت پێمدا نەیەتەوە ئەوە دەچمە ڕیزی خەسارەتمەندانەوە. دەبینین پێغەمبەران کە هەڵبژێردراوی تایبەتی خوای گەورەن بەو شێوەیە ترساون کە لە ریزی دۆڕاوان بن سبحان الله ئەمە دوعا و پاڕانەوەی پێغەمبەر نوحە علیه سلام.

بیست و پێنجەم : خوای بڵند دەفەرموێ {قَالُواْ لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ وَنَحۡنُ عُصۡبَةٌ إِنَّآ إِذٗا لَّخَٰسِرُونَ} [یوسف : 14]

کوڕەکان وتیان: سوێند بەخوا ئەگەر بێت و یوسف گورگەکە بیخوات، لەکاتێکدا ئێمەش کۆمەڵێکی بەهێزین، بەڕاستی ئەوکاتە ئێمە خەسارەتمەندین (زەرەرمان لە خۆماندەوە و شەرمەزاری لای تۆ دەبین). بەسەرهاتی پێغەمبەر یوسفە علیه سلام کە برایەکانی باسی ئەوە دەکەن ئەگەر گورگ بیخوات ئەوە ئێمە لە دۆڕاوانین کەچی ڕێك وایان کرد و خیانەتیان لە براکەیان کرد و ئازاریان دا و ڕەوانەی وڵاتی میسریان کرد بێ گومان هەموو ئەو کارانە ویستی خوای لەسەر بوە.

بەشی دووەم

ئەو کەسانەی بە ئاشکرا دۆڕاون

یەکەم : ئەوانەی بێجگە لە خودا شتێکی دیکە دەپەرستن بەڵگەش لە قورئان خوای گەورە دەفەرموێ :

{فَٱعۡبُدُواْ مَا شِئۡتُم مِّن دُونِهِۦۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ} [الزمر : 15]

جا ئێوەش ئەی بێ باوەڕان چی دەپەرستن جگە لەو خوایە، بیپەرستن و پێیان بڵێ: بێگومان خەسارەتمەندان ئەو کەسانەن خۆیان و خاو و خێزانیان لە دەستچووە لە ڕۆژی قیامەتدا، ئاگادار بن کە بەڕاستی هەر ئەوەیە خەسارەتمەندی ئاشکراو زیانی دیارو ڕوون.

دووەم : ئەوانەی شەیتان دەکەن بە پشتیوانی خۆیان : بەڵگەش لە قورئان خوای تعالی دەفەرموێ {وَلَأُضِلَّنَّهُمۡ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمۡ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيۡطَٰنَ وَلِيّٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدۡ خَسِرَ خُسۡرَانٗا مُّبِينٗا} [النساء : 119]

سوێند بێت بە تۆ گومڕایان دەکەم و بە ئاوات و خەیاڵی پووچەوە سەرگەرمیان دەکەم و خۆم فرمانیان پێدەدەم و هانیان دەدەم و

ئەوجا ئەوانیش بێگومان گوێی ئاژەڵەکانیان دەبڕن، هەروەها فرمانیان پێ دەدەم ئەوانیش دروست کراوانی خوا دەستکاری بکەن و بیگۆڕن (لەم سەردەمەدا ئەڵقە لەگوێکانی بەناو زانا دەستکاریی جینات و سیفاتی ڕەچەڵەکیی دەکەن و بەگوێی شەیتان دەکەن، ئادەمیزادو زیندەوەران تێکدەدەن، جگە لەهەندێکیان نەبێت کە مەبەستیان خزمەتی ئادەمیزادە)، جا ئەوەی لە جیاتی خوا شەیتان بکاتە پشتیوانی خۆی، ئەوە بەڕاستی دووچاری زیان و خەسارەتمەندیەکی ئاشکرا بووە.

سێیەم : ئەوانەی بەس لە کاتی خۆشی عیبادەت دەکەن و لە خۆشیدا خوایان لە بیرە : بەڵگەش بۆ ئەو بابەتە خوای میهرەبان دەفەرموێ {وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖۖ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ} [الحج : 11]

هەندێك لە خەڵکی هەیە تەنها لە یەك حاڵەتدا خواپەرستی دەکات (ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە دنیا بەدڵی ئەو بێت)، ئەگەر تووشی خێرو خۆشی بوو دڵی پێی خۆشە، خۆ ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەك هات، سواری سەری خۆی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە، ئا بەو حاڵەتەی دنیا و قیامەت لە دەست خۆی دەدات و زەرەرمەندی هەردوو لایە و هەر ئەوەشە خەسارەتمەند و زەرەرمەندی ڕوون و ئاشکرا.

چوارەم : ئەوانەی ئیمان ناهێنن بە خوای گەورە هەر لەسەر گومرایی دەمێنەوە : بەڵگەش خوای بەرز دەفەرموێ {قُل لِّمَن مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُل لِّلَّهِۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ} [الأنعام : 12]

لێیان بپرسە ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) و بڵێ: ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هی کێ یە؟ (هەر خۆت وەڵام بدەرەوە و) بڵێ: هەر هی خوایە، کە ڕەحم و میهرەبانی لەسەر خۆی فەرز کردووە، سوێند بێت بەخوا بەرەو ڕۆژی قیامەت کە هیچ شك و گومانی تیادا نیە کۆتان دەکاتەوە، (هەرچەندە) ئەوانەی کە خۆیان دۆڕاندو بیریان لە قیامەت نەکردەوە، ئەوە هەر باوەڕ ناهێنن.

پێنجەم : ئەوانەی پشت دەکەنە قورئان و فەرامۆشی دەکەن : بەڵگەش بۆ ئەوە خوای گەورە دەفەرموێ {هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا تَأۡوِيلَهُۥۚ يَوۡمَ يَأۡتِي تَأۡوِيلُهُۥ يَقُولُ ٱلَّذِينَ نَسُوهُ مِن قَبۡلُ قَدۡ جَآءَتۡ رُسُلُ رَبِّنَا بِٱلۡحَقِّۖ فَهَل لَّنَا مِن شُفَعَآءَ فَيَشۡفَعُواْ لَنَآ أَوۡ نُرَدُّ فَنَعۡمَلَ غَيۡرَ ٱلَّذِي كُنَّا نَعۡمَلُۚ قَدۡ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ} [الأعراف : 53]

ئایا (بێ باوەڕان) چاوەڕێی چی دەکەن جگە لە پێشهاتن و ڕوودانی هەڕەشە قورئانیەکان نەبێت؟ جا ئەو ڕۆژەی کە (بەڵێن و هەڕەشەکان) دێتە دی، ئەوانەی پێشتر فەرامۆشیان کردبوو دەڵێن: بەڕاستی پێغەمبەرانی پەروەردگارمان حەقیقەت و ڕاستەقینەیان هێنابوو (کەچی ئێمە بڕوامان پێنەکردن و بەکەساسیەوە دەڵێن): ئایا ئەوە کەسێک نیە تکامان بۆ بکات؟ (بەڵکو خوا بمانبەخشێت)، یاخود بگەڕێینەوە بۆ دنیاو کارو کردەوەی چاک بکەین نەک ئەوەی

كه ئەوسا دەمانكرد، بەڕاستى ئەوانە خۆيان دۆڕاندو هەرچيان هەڵبەستبوو و باوەڕيان پێى هەبوو، لێيان ون بوو.

شەشەم : ئەوانەى حەق وەرناگرن و رقيان لێيەتى بە درۆ دەيگۆرن يان دەيشارنەوە : بەڵگەش الله تعالى دەفەرموێ {أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَضَلَّ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ} [هود : 21]

ئا ئەوانە ئەوانەن كە خۆيان فەوتاند و ئەو باس و درۆيانەى كە لە دنيادا هەڵياندەبەست لێيان ون بوو.

حەوتەم : ئەو كەسانەى تەرازوى خراپەيان قورسترە ئەوانە نەفسى خۆيان دۆڕاند و دەچنە دۆزەخ : بەڵگەش خواى بەرز دەفەرموێ {وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فِي جَهَنَّمَ خَٰلِدُونَ} [المؤمنون : 103]

بەڵام ئەو كەسەى تەرازووى چاكەكانى سووك بێت، ئەوانە ئەو كەسانەن خۆيان لە دەستداوەو خۆيان خەسارو ڕيسوا كردووە، دەبێت هەر لە ناو دۆزەخدا ژيانى نەبڕاوە ببەنە سەر.

هەشتەم : ئەوانەى تاوان دەكەن : بەڵگەى قورئانى الله عز وجل دەفەرموێ {وَتَرَىٰهُمۡ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرۡفٍ خَفِيٍّۗ وَقَالَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ وَأَهۡلِيهِمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ أَلَآ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ فِي عَذَابٖ مُّقِيمٖ}

[الشورى : 45]

سەرئەنجام تاوانباران دەبینیت دەبرێنە سەر دۆزەخ، هەموو پەست و زەلیل ولاڕە مل و خەجاڵەتن، (لە شەرمەزاریی و لە ترسدا لە ژێرەوە بەتیلەی چاو دەڕوانن بۆ ئاگرەکە، (ئا لەو کات و بارودۆخە ناخۆشەدا) ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دەڵێن: بەڕاستی خەسارەتمەند و زەرەرمەندان ئەمڕۆ ئەوانەن کە خۆیان و کەسو کاروماڵ و منداڵیان لە دەستداوە لە قیامەتدا (کەس و کارو خزم و هاوەڵانیان ئەگەر لە دۆزەخدان، ئەوە هیچ مایەی دڵخۆشی نین، خۆ ئەگەر لە بەهەشتدان، ئەمانیان هەر لە یاد نییە)، ئینجا ڕادەگەیەنرێت کە: ئاگاداربن بێگومان ستەمکاران لە ئازارو ئەشکەنجەی بەردەوامدان.

نۆیەم : ئەوانەی لەسەر بەرنامە و ڕێبازی بەتاڵ بونە کە بێجگە لە ئیسلام هەمووی بەتاڵە : بەڵگەش بۆ ئەو خاڵە خوای میهرەبان دەفەرموێ : {وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ يَوْمَئِذٍ يَخْسَرُ ٱلْمُبْطِلُونَ} [الجاثية : 27]

هەر خوا خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، ئەو ڕۆژەی کە قیامەت پێش دێت، هەر ئەو ڕۆژە هەرچی بەتاڵپەرست و ناحەق پەرستانە لە زەرەرمەندیەکی زۆر گەورەدا دەبن.

دەیەم : ئەوانەی هیدایەت قبوڵ ناکەن و بروایان بەو ڕۆژە نیە کە دەچنەوە بەردەمی الله تعالى : بەڵگەش بۆ ئەم باسە لە قورئان

خوای دەسەڵات دار دەفەرموێ :

{وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ كَأَن لَّمۡ يَلۡبَثُوٓاْ إِلَّا سَاعَةٗ مِّنَ ٱلنَّهَارِ يَتَعَارَفُونَ بَيۡنَهُمۡۚ قَدۡ خَسِرَ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَآءِ ٱللَّهِ وَمَا كَانُواْ مُهۡتَدِينَ} [يونس : 45]

ڕۆژێک دێت خوا هەر هەمووانیان کۆدەکاتەوە، وا هەست دەکەن تەنها سەعاتێک لە ڕۆژیان پێچووە (خزمان و ناسیاوان) هەمووان یەکتر دەناسنەوە، بێگومان ئەوانەی کە بڕوایان نەبوو بە ئامادە بوونی بەردەم دادگای خوا، خەسارەت مەندی و زەرەرمەندیەکی زۆر ڕویان تێدەکات، بەڕاستی ئەوانە هیدایەت وەرگر نەبوون.

یازدەیەم : ئەوانەی پلان دادەنێن بۆ خواناسان و ئیمانداران : بەڵگەش خوای گەورە دەفەرموێ {وَأَرَادُواْ بِهِۦ كَيۡدٗا فَجَعَلۡنَٰهُمُ ٱلۡأَخۡسَرِينَ} [الأنبياء : 70]

ئەوانە ویستیان پیلان بگێڕن دژی ئیبراهیم ئینجا ئێمەش ئەوانمان بە ڕەنجەڕۆترین کەس گێڕا.

دوازدەیەم : ئەوانەی بێ باوەڕن بە خوای گەورە و باوەڕ بە بەڵگە و نیشانەکای اللهِ تعالى ناکەن : بەڵگەی ئەم باسە خوای گەورە دەفەرموێ {أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ وَلِقَآئِهِۦ فَحَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَلَا نُقِيمُ لَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَزۡنٗا} [الكهف : 105]

ئەوانە کەسانێکن کە باوەڕیان بە بەڵگەو نیشانەکانی پەروەردگاریان نەبووەو بەنیازی ئامادەبوونی بەردەم بارەگای خوایی نەبوون، ئیتر هەموو کارو کردەوەکانیان بێ نرخ و پووچ بووەوە، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هیچ جۆرە بایەخ و نرخێکیان بۆ دانانێین.

سێزدەیەم : ئەوانەی چاوی دڵیان کوێرە و کاری خراپ و تاوان دەکەن : بەڵگەی ئەمەش خوای گەورە دەفەرموێ {إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ زَيَّنَّا لَهُمْ أَعْمَالَهُمْ فَهُمْ يَعْمَهُونَ * أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَهُمْ سُوءُ الْعَذَابِ وَهُمْ فِي الْآخِرَةِ هُمُ الْأَخْسَرُونَ} [النمل : 5]

بێگومان ئەوانەی باوەڕ بە قیامەت ناهێنن، کارو کردەوە خراپەکانمان لەبەرچاو جوان کردوون، لەبەر ئەوە چاوی دڵیان کوێر بووە خراپی کردارەکانیان نابینن. ئائەوانە ئەوانەن ناخۆشترین و ناسۆرترین سزا بۆیان ئامادەیە و ئەوان لە قیامەتدا هەموو کەس خەسارەتمەندترن.

بەشی سێیەم

لەم بەشە حەزم کرد باسێکی سورەتی عصر بکەین

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ وَٱلۡعَصۡرِ * إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ * إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾

واتە : سوێند بە زەمانە، سوێند بەکاتی عەسر.

بەڕاستی ئادەمیزاد لە زەرەرمەندی و خەسارەتمەندیدایە.بێجگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوەو ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە)، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە و بەردەوام، خۆگرو ئارامگریش بن.

خوای گەورە سوێند دەخوا بە زەمان و کات لێرە گرنگی کات بە دەر دەکەوێ کە چەند گرنگە ئەو کاتە بۆ تۆی مسوڵمان تا بیقۆزیەوە و کاری چاکە بکەی تا زیندوی شتێك پێش خۆت بخەی بۆ قیامەتت.

پاشان خوای بڵند بەرووتی دەفەرموێ مرۆڤەکان لە دۆڕان و زەرەرمەندی دان تەنیا ئەوانە نەبن کە ئەم چوار کردەوەیان هەیە :

1. ئیماندارن
2. کاری چاکە دەکەن
3. ئامۆژگاری یەك دەکەن لەسەر حەق
4. ئامۆژگاری یەك دەکەن لەسەر ئارامگرتن

کەواتە ئەو چوار کارە مرۆڤ سەرکەوتوو دەکا ئەوانەش گرنگترین کار و کردەوەن کە مرۆڤ بیکات پشتیوان بە خوای گەورە باسی ئەو کردەوانە دەکەین.

یەکەم : ئیمان ✔ خوای گەورە دەفەرموێ(ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ* وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ * أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ) البَقَرَة {٣،٤،٥}

ئەوانەی باوەڕ بە نەبینراوەکان دەهێنن (وەک خوا و فریشتە و ئەوانەی خوا باسی کردوون و ئێمە نایانبینین)، هەروەها نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن و لەو ڕزق و ڕۆزییە (حەڵاڵەی) پێمان بەخشیوون، دەبەخشن.

لەهەمان کاتدا ئەوانە باوەر دەهێنن بەو پەیامەی کە بۆ تۆ ئەی(محمد صلى الله عليه وسلم)دابەزێنراوە وە بەو پەیامانەش کە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ (سەلامی خوایان لێبێ) دابەزێنراوە،دڵنیاش دەبن کە ڕۆژی دوایی پێش دێت و قیامەت هەربەرپا دەبێت.

ئەوانە لە سەر شا ڕێگەی هیدایەتی پەروەردگارینان و هەر ئەوانیش سەرفراز و سەرکەوتوو (ئەمانە بنەما سەرەکیەکانی ئیمان و ئیسلامن.

هەرکەس بەئیمانەوە گەڕایەوە بۆ لای خواو هیچ گومانی نەبوو دەچێتە بەهەشتەوە.

عَنْ عُثْمَانَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): (مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ)رواه مسلم

واتە:(عثمان) (رضى الله عنه)دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ئەوەی مردوو دەیزانی و باوەری وابوو کە هیچ خوایەك نییە جگە لە (الله تعالى) دەچێتە بەهەشتەوە).

ئەم جۆرە فەرمودانە بەتەنها حوکمیان لێوەرناگیرێت بەڵکو پێویستیان بەتەواوکەر هەیە لە ئایەت و فەرموودەی تر.

دووەم : کاری چاکە ✔ خوای گەورە دەفەرموێ{ مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ } [النحل : 97]

ئەوەی کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بەژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بەجوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.

خوای باڵا دەفەرموێ { مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ } [فصلت : 46]

ئەوەی چاکە بکات پاداشتی چاکەکەی بۆ خۆیەتی، ئەوەش کە خراپە و تاوان بکات هەر لەسەر خۆی دەکەوێت، دڵنیابە کە پەروەردگاری تۆ بچوکترین ستەم لە بەندەکانی ناکات.

سێیەم : حەق ✔ ئەوانەی حەق وەردەگرن و کاری پێ دەکەن الله عز و جل دەفەرموێ:

﴿ نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ ٱلتَّوْرَىٰةَ مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلْفُرْقَانَ ۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ (3) وَٱلْإِنجِيلَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ ذُو ٱنتِقَامٍ ﴾ آل عِمرَان{٣،٤}

ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خوا قورئانی بۆ تۆ بەڕاست و دروست (بە چەند قۆناغێک) دابەزاندووە، بەڕاست دانەری سەرجەم کتێبە پێشووەکانی پێش خۆیەتی (پێش دەستکاری کردنیان)، هەروەها تەوراتی بۆ (موسا) و ئینجیلی بۆ (عیسا) ڕەوانە کردووە لە پێش قورئاندا...

لەکاتێکدا هیدایەت و ڕێنموویی بەخشی خەڵکی بوون، هەروەها جیاکەرەوەی حەق و بەتاڵی نارده خوارەوە (کە قورئانە)، بێگومان ئەوانەی بڕوایان نەهێنا بە ئایاتەکانی خوا، بۆ ئەوان سزایەکی سەخت (لە دواڕۆژدا) هەیە، بێگومان خوای گەورە بالادەستەو خاوەنی تۆڵەو سزایە (لە بێ باوەڕان).

چوارەم : ئارامگرتن ✔ ئەوانەی ئارام گرن خوای بەرز دەفەرموێ:

{إِنَّمَا يُوَفَّى ٱلصَّٰبِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ} [الزمر : 10]

بەڕاستی تەنها ئارامگران پاداشتیان بێ سنوور و بێ ئەندازەیە.

وه خوای گەورە دەفەرموێ { وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلْخَوْفِ وَٱلْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ وَبَشِّرِ ٱلصَّٰبِرِينَ }

[البقرة : 155]

سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بە کەمێك لە ترس و بیم و برسێتی و کەم بوونی مالّ و سامان و مردنی کەس و کارو تیاچوونی بەرو بوومی کشتوکالّ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن.

بەشی چوارەم

دوربوون لە دۆزەخ

لای هەموو تان ڕون و ئاشکرایە کە گەورەترین سەرکەوتن و بردنەوە ئەوەیە کە مرۆڤ لە قیامەت لە دوای حەق و حیساب بەهەشت بە دەست بهێنی کە بەهەشتت بە دەست هینا کەواتە خوای تعالی لێت ڕازییە و سەرکەوتوی و براوەی ، ئەو بابەتەش بەڵگەی قورئانی لەسەرە اللە تعالی فەرموویەتی { كُلُّ نَفۡسٖ ذَآئِقَةُ ٱلۡمَوۡتِۖ وَإِنَّمَا تُوَفَّوۡنَ أُجُورَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۖ فَمَن زُحۡزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدۡخِلَ ٱلۡجَنَّةَ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ }

[آل عمران : 185]

هەموو کەسێک دەبێت بمرێت و مردن بچێژێت، تەنها لە ڕۆژی قیامەتدا کرێ و پاداشتان بەتەواوی پێ دەدرێت (دەرئەنجامی کردەوەکانتان دێتەوە ڕێتان) ئەوسا ئەوەی دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرایە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە، ژیانی دنیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نیە.

جا هەمومان ئەوەش باش دەزانین کە بەهەشت بەوە بە دەست دێ کە لەم ژیانە خوای گەورە لە خۆت ڕازی بکەی ، خوای بەرز بەو شێوەیە لێت ڕازی دەبێت کە گوێرایەلی و ملکەچی بکەی کار و کردەوەی چاك بکەی واتە چاکە کار بی لەم بەشە باسێکی فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکەین کە باسی ئەو کەسانەی تێدایە کە ناچنە بەهەشت کە باسیشمان کرد گەورەترین دۆڕاندن ئەوەیە کە مرۆڤ نەچێتە بەهەشت لەو نیعمەتانەی بەهەشت کە اللە تعالی ئامادەی کردوە بۆ عەبدە چاکەکارەکانی ، کۆمەڵە کار و

کردەوەکیش هەیە وا دەکا کە مرۆڤ نەچتە بەهەشت یانی ئەگەر ئەو کارانە دەبێتە هۆی دۆڕانی مرۆڤ و لە دەست دانی رەزامەندی خوای گەورە و بێ بەش بوون لە نیعمەتی چوونە بەهەشت.

یەکەم : خواردنی حەق و مافی موسڵمان

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلي الله عليه وسلم قَالَ : (مَنِ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ فَقَدْ أَوْجَبَ اللَّهُ لَهُ النَّارَ وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ.

فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ : وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟

قَالَ : وَإِنْ قَضِيبًا مِنْ أَرَاكٍ) صحيح مسلم : (٣٧٠)

واتە : هەرکەسێك بە سوێند خواردنێك ماف وحەقی موسلمانێك بخوات و بیبات ئەوا خوا ئاگری بۆ مسۆگەر دەکات و بەهەشتی لەسەر حەرام و قەدەغە دەکات. پیاوێك پێی وت : ئەگەر چی شتێکی کەمیش بێت ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەگەر تەلە داریکیش بێت لە داری سیواك.

دووەم : ئەو کەسەی کە دراوسێکەی ئەمین نەبێت لە خراپە و زیانەکانی : عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلي الله عليه وسلم) قَالَ : (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ لَا يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ) (صحيح مسلم : (١٨١). واتە : ئەو کەسە ناچێتە بەهەشتە وە کە دراوسێکەی ئەمین و بی خەم نەبێت لە خراپە و زیانەکانی.

سێیەم : ئەو ئافرەتەی کە بەبێ هۆکار داوای تەلاق لە مێردەکەی دەکات : عَنْ ثَوْبَانَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : (أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلَاقَ مِنْغَيْرِ مَا بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ) . رواه الإمام أحمد : (٢٢٣٧٩) وابن ماجه : (٢٠٥٥) . واتە : هەر ئافرەتێك بەبێ هۆکار داوای تەلاقدان و جیابوونەوە بکات لە مێردەکەی ئەوە بۆنی بەهەشتی لێ حەرام و قەدەغەیە.

چوارەم : ئەو کەسەی کە خزمایەتی دەپچڕێنێت : عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَاطِعُرحم) (صحيح مسلم رقم : (٦٦٨٥) واتە : ئەو کەسەی کە خزمایەتی دەپچڕێنێت ناچێتە بەهەشتەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ أَوْ يُنْسَأَ فِي أَثَرِهِ فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ) (صحيح مسلم رقم : (٦٦٨٧).واتە : هەرکەسێك پێی خوشە کەوا رزق و رۆزی لەسەر فراوان بکرێت و کاتی مردنی دوا بخرێت ئەوا با پەیوەندی خزمایەتیی بگەیەنێت.

پێنجەم : قسەهێنەر و قسەبەر بەمەبەستی ئاژاوەگێری :عَنْ حُذَيْفَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ((يَقُولُ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ نَمَّامٌ)) صحيح مسلم (٣٠٣) . واتە : ئەو کەسە ناچێتە بەهەشتەوە کە لە نێوان خەلکدا قسە دەهێنێت ودەبات بەمەبەستی ئاژاوەگێری و تێکدانی نێوانیان.

شەشەم : کەسی خۆبەگەورە زان : عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِيقَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍقَالَ رَجُلٌ : إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً قَالَ : إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ ، الْكِبْرُ : بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ))

صحيح مسلم : (٢٧٥)

واتە : ئەو کەسە ناچێتە بەهەشت کە بەکێشی مێرولەیەکی بچووك خوبەگەورە زانی هەبێت لە ناو دلیدا .پیاوێك وتی : پیاو هەیە پێی خۆشە کە جلەکانی باش و جوان بێت وپێلاوەکانیشی باش و جوان بێت فەرمووی : بەڕاستی خوا جوانە و جوانیشی خوشدەوێت ، خۆبەگەورەزانی بریتی یە لە : ڕەتکردنەوەی حەق و بە چاوی سووك سەیرکردنی خەلك.

حەوتەم : کەسانی منەتکار و ئەزیەتدەری باوك و دایك و خووگر بە عارەق خواردنەوە :عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ما) عَنْ النَّبِيِّ (صلي الله عليه وسلم) أَنَّهُ قَالَ : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ : مَنَّانٌ ، وَلَا عَاقٌّ وَالِدَيْهِ ، وَلَا مُدْمِنُ خَمْرٍ)) (مسند الإمام أحمد : (٦٨٨٢) وصحيح الجامع الصغير : (٧٦٧٦). واتە : ئەمانە ناچنە بەهەشت : کەسی منەتکار ، هەروەها ئەو کەسەش کە ئەزیەتی باوك و دایکی دەدات ، هەروەها ئەو کەسەش کە خووی گرتووە بە عارەق خواردنەوە و بەردەوامە لەسەر خواردنەوەی.

هەشتەم : درۆ و خراپەکاری :عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلي الله عليه وسلم) : ((إِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ فَإِنَّالْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ)) (صحيح البخاري رقم : (٥٧٤٣).واتە : وریا و بەئاگا بن لە درۆ کردن ، چونکە بەراستی درۆ کردن ڕێنماییدەکات بۆ خراپەکاری ، وە خراپەکاریش ڕێنمایت دەکات بۆ ئاگری دوزەخ.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ فَيَكْذِبُلِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَهُ)) مسند الإمام أحمد : (٢٠٦٠٦) وصحيح أبي داود : (٤٩٩٠).واتە : تیاچوون یان دۆلێك لە دۆڵەکانی دوزەخ بۆ ئەو کەسەی کە قسە دەکات و درۆ دەکات بۆ ئەوەی خەڵك بهێنێتە پێکەنین ، تیاچوون یان دۆلێکەلە دۆڵەکانی دۆزەخ بۆی ، تیاچوون یان دۆلێك لە دۆڵەکانی دۆزەخ بۆی.

نۆیەم : ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێت :عَنْ جُنْدَبِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلي الله عليه وسلم) : ((كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْرَجُلٌ بِهِ جُرْحٌ فَجَزِعَ فَأَخَذَ سِكِّينًا فَحَزَّ بِهَا يَدَهُ فَمَا رَقَأَ الدَّمُ حَتَّى مَاتَ ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى :بَادَرَنِي عَبْدِي بِنَفْسِهِ ، حَرَّمْتُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)) صحيح بخارى (٣٢٧٦).واتە : لە نێو ئوممەتانى پێش ئێوە دا پیاوێك هەبوو برینێکی پێوە بووە و نارەحەت و بێ تاقەت بووە و صەبری نەگرت بۆیە چەقویەکی بردووە و دەستی خۆی پێ بریوە و خوێنەکەی خۆی نەگرتەوە تاوەکو مرد .خوای گەورە فەرموویەتی : ئەو عەبدەم دەستپێشخەری کردووە لەگەڵ من بە دەرهێنانی ڕوح و گیانی ، بۆیە منیش بەهەشتم لێی حەرام و قەدەغەکرد.

دەیەم : ئەو کەسەی کە خیانەت و ناپاکی دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کەسەرپەرشتیان دەکات : عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ الْمُزَنِي (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٍّ لِرَعِيَّتِهِ إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)) صحيح مسلم (٣٨٠) واتە: هیچ عەبدێك نی یە خوا سەرپەرشتیارێتی سەرپەرشتیارکراوانێکی پێ رابسپێرێت

و بمریت و ئەو ڕۆژەش کە دەمرێت ئەو خیانەت و ناپاکی کردووە لەگەل سەرپەرشتیارکراوان و ئەوەی لە ژێردەستیدایە ئیلا خوا بەهەشتی لە سەر حەرام و قەدەغەدەکات.

یازدەم : ئەو لەشەی کە بە حەرام ڕواوە و پێگەینراوە :عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((كُلُّ جَسَدٍ نَبَتَمِنْ سُحْتٍ فَالنَّارُ أَوْلَى بِهِ)) رواه أبو نعيم في "الحلية" : (٣٨٠) والبيهقي في "شعب الإيمان" : (٥٣٧٧).واتە : هەر کەسێک بە حەرام بڕوێت و پێبگات ئەوا ئاگر شایستەیەتی

وَفِي رِوَايَةٍ : ((لاَ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ النَّارُ أَوْلَى بِهِ)) (مسند الإمام أحمد : (١٤٤٤١).واتە : ئەو گۆشتەی کە بەحەرام بڕوێت و پێبگات ئەوا ناچێتە بەهەشت و ئاگر شایستەیەتی.

دوازدەم : کەسی تەماح باز و پیسکە و فشەکەر و کەسی گرژ و تووند وخۆبەگەورە زان :عَنْ حَارِثَةَ ابْنِ وَهْبٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَالْجَوَّاظُ وَلَا الْجَعْظَرِيُّ)) رواه أبو داود : (٤٨٠٣) ، وصححه الألباني . واتە : ئەو کەسەی کەوا تەماحباز و پیسکە و فشەکەر بێت و هەروەها ئەو کەسەش کەوا گرژ و تووند و خۆ بەگەورەزان بێت ناچێتە بەهەشت.

سێزدەم : ئە و کە سە ی کە شتیک بە ئیمانداریک بڵێت و ئەوە شی تێدا نەبێت : عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((مَنْ حَالَتْ شَفَاعَتُهُ دُونَ حَدٍ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فَقَدْ ضَادَّ اللَّهَ فِي أَمْرِهِ ، وَمَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ فَلَيْسَ بِالدِّينَارِ وَلَا بِالدِّرْهَمِ وَلَكِنَّهَا الْحَسَنَاتُ وَالسَّيِّئَاتُ ، وَمَنْ خَاصَمَ فِي بَاطِلٍ وَهُوَ يَعْلَمُهُ لَمْ يَزَلْ فِي سَخَطِ اللَّهِ حَتَّى يَنْزِعَ ، وَمَنْ قَالَ فِي مُؤْمِنٍ مَا لَيْسَ فِيهِ أَسْكَنَهُ اللَّهُ رَدْغَةَ الْخَبَالِ حَتَّى يَخْرُجَ مِمَّا قَالَ ، وَلَيْسَ بِخَارِجٍ])) مسند الإمام أحمد : (٥٣٨٥) وأبو داود : (٣٥٩٩) .

واتە : هەرکەسێك تکا و رجا و نێوەنگیری کردنی ببێتە بەربەست لە سەپاندنی سزایەك لە سزادیاریکراوەکانی خوای گەورە ئەوا ئەو کەسە دژایەتی خوای کردووە لە فەرمانیدا ، وە هەرکەسێك بمرێت و قەرزی لەسەر بێت ئەوا لە قیامەتدا بە دینار و درهەم نایداتەوە بەڵکو بە چاکە و خراپەیە ، وە هەرکەسێك دەمە دەمی وداکۆکی بکات لە سەر شتێکی باطڵ و ناڕەوا و دەشزانێت وایە ئەوا بەردەوام لە ناوتووڕەیی خوادا دەبێت تاوەکو دەست بەرداری دەبێت ، وە هەرکەسێك شتێك سەبارەت بە ئیماندارێك بڵێت و ئەوەشی تێدا نەبێت ئەوا خوا لە ناو کێم وزووخاوی دوزەخیەکاندا نیشتەجێی دەکات تاوەکو لەوە دەردەچێت کە وتویەتی و ناشتوانێت لێی دەرچێت.

چواردەم: ئەو کەسانەی موفلیسن لە قیامەت:

عن أبي هريرة رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال: «أتدرون ما المفلس؟ قالوا: المفلس فينا من لا درهم له ولا متاع، فقال : «إن المفلس من أمتي من يأتي يوم القيامة بصلاة وصيام وزكاة، ويأتي قد شتم هذا، وقذف هذا، وأكل مال هذا، وسفك دم هذا، وضرب هذا، فيعطى هذا من حسناته ، وهذا من حسناته ، فإن فنيت حسناته قبل أن يقضى ما عليه أخذ من خطاياهم فطرحت عليه، ثم طرح في النار» رواه مسلم (٢٥٨١)

واتە : ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ : پێغەمبەر ﷺ بە هاوەڵانی فەرموو دەزانن موفلیس کێیە ؟ هاوەڵان وتیان موفلیس

لای ئێمە ئەوەیە کە پارە و خۆشی دنیای نەبێ پێغەمبەر ﷺ فەرموی نەخێر ، موفلیس لە ئومەتی من ئەوەیە کەسێك دەهێنن لە ڕۆژی قیامەت کە نوێژی کردوە ڕۆژوی گرتوە زەکاتیشی داوە ، بەڵام لەگەل مالّ و منداڵەکەی خراپ بوە قسەی بە خێزان و منداڵەکاکانی وتوە و جوێنی پێ داون ، وە ماڵی خەڵکی خواردوە ، خوێنی خەڵکی حەڵاڵ کردوە ، وە لە خەلکی داوە ، جا کردەوە چاکەکانی ئەو کەسە دەهێنن دەچێت بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو وای بەرامبەر کردوون کاتێکیش کردەوەی چاکی نامێنێت ئەوە تاوانی ئەوانەی زوڵمی لێیان کردووە دێتە سەر دەفتەری کردەوەی پاشان فڕێ دەدرێتە ناو ئاگر.

پازدەم: ئەوانەی ناچنە بەهەشت :

قال رسول الله صل الله عليه وسلم

لا يَدخُلُ الجَنَّةَ صاحبُ خَمْسٍ: مُدمِنُ خَمرٍ، ولا مُؤمِنٌ بسِحْرٍ، ولا قاطعُ رَحِمٍ، ولا كاهِنٌ، ولا مَنَّانٌ

الراوي : أبو سعيد الخدري | المحدث : شعيب الأرناؤوط | المصدر : تخريج المسند لشعيب | الصفحة أو الرقم : 11107 | خلاصة حكم المحدث : حسن لغيره | التخريج : أخرجه النسائي في ((السنن الكبرى)) (4920) مختصراً، وأحمد (11107) واللفظ له

واتە : لە ئەبو سەعیدی خدریەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : ناچنە بەهەشت ئەوەی ئەو پێنجەی هەبێ : ئالودەبووی مەی ، باوەربون بە سحر ، پچرانی سیلەی ڕەحم ، کاهین و فاڵچی ، ئەوەی منەت بکا.

شازده: ئەوانەی دوعا ناکەن و لەخوا ناپاڕێنەوە :

عن أبي هريرة رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (إِنَّهُ مَنْ لَمْ يَسْأَلِ اللَّهَ يَغْضَبْ عَلَيْهِ). أخرجه الترمذي " واتە: هەرکەسێك نەپاڕێتەوە لەخوا و داوای لێ نەکا خوای گەورە لێی تورەیە . ئاگاتان لێ بێت خوشك و برایانم نەکەن واز لە دوعاکردن بهێنن ئەوەی وازلە دوعا و پارانەوە دهێنێ ئەوە خوای گەورە لێی تورە دەبێ خۆشەوستمان ﷺ فەرمویەتی لیسَ شيءٌ أكرمَ علَى اللهِ من الدُّعاءِ

الراوي : أبو هريرة | المحدث : الألباني | المصدر : صحيح الترغيب | الصفحة أو الرقم : 1629

واتە : هیچ شتێك هێندەی دوعا و پاڕانەوە بەرێز نیە لای خوای گەورە.

حەڤدەم: ئەوانەی نوێژەکانیان بەرز نابێتەوە :

لەبەر گەورەیی نوێژ فەرمودەیەك باس دەکەین ئەو کەسانەی کە نوێژەکانیان لێ وەرناگیرێ ، هەمومان دەزانین ئەوەی نوێژی نەبێ دۆڕاو و سەرگەردانە لە قیامەت.

حدثنا محمد بن عمر بن هياج حدثنا يحيى بن عبد الرحمن الأرحبي حدثنا عبيدة بن الأسود عن القاسم بن الوليد عن المنهال بن عمرو عن سعيد بن جبير عن ابن عباس عن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال((ثلاثة لا ترتفع صلاتهم فوق رءوسهم شبرا رجل أم قوما وهم له كارهون وامرأة باتت وزوجها عليها ساخط وأخوان متصارمان))

شرح سنن ابن ماجه للسندي

واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی سێ کەس نوێژەکانیان بەرز نابێتەوە تا سەریان ، کەسێك پێش نوێژی بکا و خەڵك پێان ناخۆش بێ ، وە ئافرەتێك کە پیاوەکەی داوای کاری سەرجێی دەکا ئافرەتەکەش بە بێ عوزر پشتی تێدەکا ، دو برا کە لەگەڵ یەکتر توندوتیژ بن.

بەشی پێنجەم

ئەو کارانە بکەی دۆڕاوی

بێ گومان کۆمەڵە کارێك هەیە ئەگەر هەر کەسێك بیکا دەدۆڕێ و سەرشۆری قیامەت دەبێ هەر کارێکی وا الله تعالى لەعنەتی لێ کردوە و پێی ڕازی نیە پێغەمبەری خواش صل الله عليه وسلم لەعنەتی لێ کردووە ، جا لەم بەشە کۆمەڵێك لەو کارانە باس دەکەین کە لەعنەتی الله تعالى و پێغەمبەرەکەی صل الله عليه وسلم لەسەرە تا بەرچاو ڕون بین . پێش هەمو شتێك ئەو کەسەی لەعنەتی الله تعالى لەسەر بێت پێی دەگوترێ ملعون ، ملعون کێیە ؟ ئەو کەسەیە کە دورە لە ڕەحمی خوا یانی هیچ ڕەحمێکی خوای گەورە نایگرێتەوە پەنا بە الله تعالى ، وە ئەوەش ڕوونە کە ئبلیس ملعونە و دەرکراوە لە ڕەحمی خوا بەهۆی ئەو سەرپێچیەی کە ئەنجامی دا ، لەبەر گرنگی بابەتەکە بوو ویستم لەم کتێبە ئەوە بخەینە ڕوو تا لەو کەسانە نەبین پشتیوان بە الله تعالى ، دەست پێ دەکەین و ئەو کەسانەش بریتین لە:

یەکەم : نەو کەسانەی کە لەسەر زەویدا خراپەکاری دەکەن و پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن:

خوای گەورە فەرموویەتی : فَهَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن تَوَلَّيۡتُمۡ أَن تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَتُقَطِّعُوٓاْ أَرۡحَامَكُمۡ * أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمۡ وَأَعۡمَىٰٓ أَبۡصَٰرَهُمۡ) [محمد] ٢٢-٢٣

*

واتە : خۆ ئەگەر ئێوە پشتان کرد لە قورئان و ئەحکام و بریارەکانی و لەسەر زەویدا گەندەلکاری و فەساد و خراپەکاریتان کرد و پەیوەندی خزمایەتیتان پچراند ئا ئەو کەسانە خوا لەعنەتی لی کردوون و کەڕی کردوون و چاوەکانیانی کوێر کردوون لە ئاست بیستن و بینینی حەقدا.

دووەم : وێنەکێش و وێنەگر:

عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ قَالَ : (إِنَّ النَّبِيَّ نَهَى عَنْ ثَمَنِ الدَّمِ وَثَمَنِ الْكَلْبِ وَكَسْبِ الْبَغِيِّ ، وَلَعَنَ آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ ، وَالْوَاشِمَةَ وَالْمُسْتَوْشِمَةَ ، وَالْمُصَوِّر)(صحيح البخاري : (٥٩٤٥)

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) نەهی و ڕێگری کردووە لە نرخی خوێن گرتن و نرخی سەگ و پارەی زینا و داهاتی داوێن پیسی ، وە لەعنەتیشی کردووە لەوەی ڕیبا دەخوا و ئەوەش کە دەیدات و لەو ئافرەتەیش کە خاڵ دەکوتێت و لەو ئافرەتەیش کە داوادەکات خاڵی بۆ بکوترێت و لە وێنەکێش و وێنەگریش.

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إِنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَذَابًا عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْمُصَوِّرُونَ)

(صحيح البخاري) : (٥٩٥٠).

واتە : بەراستی تووندترین و سەختترینی خەلکانی سزادراو لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا وێنەکێش و وێنەگرەکانن.

هەروەها لە دایکی ئیمانداران‌ەوە عَائِشَة (رضي الله عنها)
فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :

(إِنَّ أَصْحَابَ هَذِهِ الصُّوَرِ يُعَذَّبُونَ يَوْمَ ﷺالْقِيَامَةِ يُقَالُ لَهُمْ : أَحْيُوا مَا خَلَقْتُمْ ، وَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ لَا تَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ الصُّورُ)

(صحيح البخاري : (٥٩٦١)

واتە : بەراستی خاوەنی ئەم وێنانە لە رۆژی قیامەتدا سزا دەدرێن و پێیان دەوترێت :

ئەوەی کە دروستتان کردووە گیان و ژیانیان بە بەردا بکەن ، بەراستی فریشتەکانیش ناچنە ناو مالێکەوە کە وێنەی تیدا هەبێت.

سێیەم : ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێ ئاگای ئیماندار تومەتبار دەکەن بە داوێن پیسی و بەد ڕەوشتی:

خوای (کار پڕبەرەکە ت و بەرز و پایەدار فەرموویە تی : (إِنَّ ٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡغَٰفِلَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ لُعِنُواْ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ) [النور]23

واتە : بەراستی ئەو کەسانەی کە ئافرەتانی داوێن پاکی بێ ئاگای ئیماندار تۆمەتبار دەکژن بە داوێن پیسی و بەد ڕەوشتی تا ئەو

کەسانە لە دونیا و دواڕۆژدا خوا لەعنەتی لێ کردوون ، وە سزایەکی گەورەشیان بۆ هەیە.

وە (القذف) : (تۆمەتبار کردن) : بریتی یە لەوەی کەوا کەسێك سەبارەت بە ژنێك یان بە کچێکی داوێن پاکی ڕەوشت جوان بڵێت : زینای کردووە ، یان هاوشێوەی ئەوە ، خواش زاناترە.

چوارەم : ئەو کەسانەی زانستێك دەزانن و دەیشارنەوە (مەبەست لەوە زانستی شەرعیە):

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (مَنْ سُئِلَ عَن عِلْمٍ فَكَتَمَهُ أَلْجَمَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)(رواه أحمد : (٨٥٣٣) ، والحاكم : (٣٤٥) وأبو داود : (٣٤٥) وغيرهما ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود : (٢٦١)

واتە : هەرکەسێك پرسیاری لێکرا سەبارەت بە علم و زانستێك و شاردیەوە ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لغاوی دەکات بە لغاوێك لە ئاگر.

پێنجەم : ئەو کەسانەی کە قەبر و گۆڕی پێغەمبەرەکانیان دەکەن بە مزگەوت و شوێنی پەرستن و پەرستگا:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فە رموویە تی : (اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْ قَبْرِي وَثَنًا ، لَعَنَ اللَّهُ قَوْمًا اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِ)

مسند الإمام أحمد : (٧٣٥٨) ، ورواه مسلم : (١١٨٤)

واتە : خوایە گۆرم نەکەیت بە پەرستراوێك بپەرستریّت ، خوا لەعنەتی کردووە لە خەلکانێك کە وا گۆری پێغەمبەرەکانی خۆیانیان کردووە بە مزگەوت و شوێنی خواپەرستی.

شەشەم : ئەو کەسەی کە خۆی دەداتە پاڵ جگە لە باوکی یان ئەو کویلەیەی کە لە پاش ئازادکردنی خۆی دەداتە پاڵ جگە

لە دۆست و پشتیوانەکانی کە لە کۆیلایەتی ئازادیان کردووە:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مَنْ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ أَوْ انْتَمَى إِلَى غَيْرِ مَوَالِيهِ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ الْمُتَتَابِعَةُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ)

(رواه أبو داود : (٥١١٧) وصححه الألباني في صحيح أبي داود : (٥١١٥

واتە : هەرکەسێك خۆی بداتەپاڵ جگە لە باوکی یان ئەو کۆیلەیەی کە لە پاش ئازاد کردنی لە کۆیلایەتی خۆی بداتە

پاڵ جگە لەو کەسانەی کە لە کۆیلایەتی ئازادیان کردووە ئەوا

لەعنەتی یەك بەدوای یەکی خوای لێبێت تاوەکو ڕۆژی قیامەت.

حەوتەم : ئەو کەسەی کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو حەڵاڵ دەکات و ئەوەش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت(لای خۆمان پێی دەگوترێ مارەبەجاش):

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لَعَنَ اللَّهُ الْمُحَلَّلَ وَالْمُحَلَّلَ لَهُ))(رواه الإمام أحمد : (٥١١٧) وغيره ، وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير : ٥١٠١

واتە : خوا لەعنەتی کردووە لەو پیاوەی کە ئافرەتێکی تەڵاقدراو حەڵاڵ دەکات و لەو پیاوەش کە بۆی حەڵاڵ دەکرێت.

هەشتەم : ئەو کەسانەی کە جوێن و قسەی نابەجێ و خراپ بە صحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێن:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مَنْ سَبَّ أَصْحَابِي فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)(رواه الطبراني في المعجم الكبير" : (١٢٧٠٩) ، وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير" ٦٢٨٥)

واتە : هەرکەسێك جوێن و قسەی نابەجێ و خراپ بە صحابە و هاوەڵەکانم بڵێت ئەوا لەعنەتی خوا و فریشتەکان و تێکڕای خەڵکی لێبێت.

نۆیەم : ئەو کەسانەی کە لەعنەت دەکەن لە باوکی خۆیان یان حەیوان سەردەبڕن بۆ جگە لە خوا:

عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَهُ ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا ، وَلَعَنَ اللَّهُ مَنْ غَيَّرَ مَنَارَ الأَرْضِ) صحيح مسلم : (٥٠٩٦

واتە : خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە لەعنەت لە باوکی خۆی دەکات ، وە خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە حەیوان سەردەبڕێت بۆ جگە لە خوا .

دەیەم : ئەو کاربەدەستانەی کە عەدالەت و دادوەرنین و وەعد و بەڵێنەکانیان نابەنە سەر و جێبەجێیان ناکەن:

عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الْأَسْلَمِيِّ ( ) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (الْأَئِمَّةُ مِنْ قُرَيْشٍ ، إِذَا اسْتُرْحِمُوا رَحِمُوا ، وَإِذَا عَاهَدُوا وَفَوْا ، وَإِذَا حَكَمُوا عَدَلُوا ، فَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ ذَلِكَ مِنْهُمْ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) (رواه الإمام أحمد : (١٩٧٧٧) وغيره ، وصححه الألباني في "إرواء الغليل" : ٢/ ٣٠١

واتە : پێشەوایان و کاربەدەستان لە قورەیش دەبن ، ئەگەر داوای رەحم پێ کردن و بەزەیی پێدا هاتنەوە یان لێکرا ئەوا بە بەزەیی دەبن و ڕەحم دەکەن ، وە ئەگەر وەعد و بەڵێنیشیاندا ئەوا دەیبەنە سەر و بەجێیدێنن ، وە ئەگەرفەرمانڕەواییشیان کرد ئەوا

عەدالەت و دادوەر دەبن ، وە هەرکەسێکیان ئەوهای نەکرد ئەوا لەعنەتی خوا و فریشتەکان و تێکرای خەڵکی لێبێت.

یازدەم ؛ ئەو کەسانەی کە دەبنە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم جێ بە جێ کردنی تۆڵە کردنەوە لە تاوانباران:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مَنْ قُتِلَ فِي عِمِّيَّا فِي رَمْ يَكُونُ بَيْنَهُمْ بِحِجَارَةٍ أَوْ بِالسِّيَاطِ أَوْ ضَرْبٍ بِعَصًا فَهُوَ خَطَأً وَعَقْلُهُ عَقْلُ الْخَطَإِ ، وَمَنْ قُتِلَ عَمْدًا فَهُوَ قَوَد يَدٍ ، وَمَنْ حَالَ دُونَهُ فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَغَضَبُهُ لَا يُقْبَلُ مِنْهُ صَرْفٌ وَلَا عَدْلٌ) (راوه أبو داود : (٤٥٤١) ، والنسائي : (٤٧٨٩) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود : ٤٥٣٩

واتە : ئەو کەسەی کە لە کاتی شەڕی نێوان کەسانێکدا بەهۆی شەڕە بەردەوە یان لێدان بە قامچی یان لێدان بە دار و گۆچان دەکوژرێت و ناشزانرێت کێ کوشتویەتی ئەوە بەکوشتنی هەڵە دادەنرێت و بژاردنی خوێنەکەشی وەکو بژاردنی خوێنی کوشتنی هەڵە وایە ، وە هەرکەسێکیش بە ئەنقەست کوژرا ئەوا دەبێت کەسی بکوژ ڕاپێچی دەستی کەس و کاری کوژراوەکە بکرێت بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکرێتەوە و ئەویش بکوژرێت ، وە هەر کەسێك ببێتە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم جێ بەجێ کردنی تۆڵە لێ کردنەوە و سزادان و کوشتنی ئەو کەسەی کە بە ئەنقەست کەسێکی بێ تاوانی بە ناحەق کوشتووە ئەوا لەعنەت و غەزەب و

تووڕەیی خوای لەسەر بێت و کردەوەی فەرز و سونەتیشی لێ قبوڵ ناکرێت.

دوازدەم : ئەو پیاوانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان و ئەو ئافرەتانەش کە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان:

عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : ((لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ الرَّجُلَ يَلْبَسُ لِبْسَةَ الْمَرْأَةِ ، وَالْمَرْأَةَ تَلْبَسُ لِبْسَةَ الرَّجُلِ) رواه أبو داود: (٤١٠٠) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود : (٤٠٩٨) و صحيح الجامع الصغير" : ٥٠٩٥

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو پیاوەی کە پۆشاک لەبەر دەکات بەشێوەی پۆشاکی ئافرەتان ، وە لەو ئافرەتەش کە پۆشاک لەبەر دەکات بەشێوەی پۆشاکی پیاوان.

وَفِي حَدِيثِ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) : (لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ الرَّجُلَةَ مِنَ النِّسَاءِ) رواه أبو داود : (٤١٠١) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود : (٤٠٩٩) و"صحيح الجامع الصغير" : (٥٠٩٦) . واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتەی کە خۆی وەکو پیاوان لێ دەکات.

سێزدەم : ئەو ئافرەتانەی کە پۆشاکیان لەبەرە و ڕووتیشن:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((سَيَكُونُ فِي آخِرِ هَذِهِ الْأُمَّةِ رِجَالٌ يَرْكَبُونَ عَلَى الْمَيَاثِرِ حَتَّى يَأْتُوا أَبْوَابَ مَسَاجِدِهِمْ

، نِسَاؤُهُمْ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ عَلَى رُءُوسِهِنَ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْعِجَافِ ، الْعَنُوهُنَّ فَإِنَّهُنَّ مَلْعُونَاتٌ)) . رواه أبو داود : (٤١٠٠) ، وصححه الألباني في صحيح أبي داود : (٤٠٩٨) و "صحيح الجامع واتە : لە کۆتایی ئەم ئوممەتەدا پیاوانێك پەیدا دەبن سواری کوشین* دەبن

تاوەکو دەرۆنە بەر دەرگای مزگەوتەکانیان ، ئەو پیاوانە ئافرەتەکانیان جلیان لەبەردایە و رووتیشن لەسەر سەریان وەکو

کوپارەی وشتری لەڕ و لاواز هەیە ، لەعنەت بکەن لەو ئافرەتانە چونکە ئەوانە لەعنەت لێ کراون.

ئەمەش بۆ سەردەمی ئێستا پێغەمبەر ﷺ ڕێك باسی سەیارەی کردووە کە پیاو سوار دەبێ تا پێش مزگەوت.

چواردەم : ئەو ئافرەتەی کە سەرجێگەی مێردەکەی بەجێ دەهێلێت و لەگەڵیدا ناخەوێت و مافی سەرجێگەی پێنادات:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) : ((إِذَا بَاتَتْ الْمَرْأَةُ مُهَاجِرَةً فِرَاشَ زَوْجِهَا عَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تَرْجِعَ)

صحيح البخاري : (٥١٩٤) ، وصحيح مسلم : (٣٥٢٤)

واتە : ئەگەر ئافرەت لە شەودا سەرجێگەی مێردەکەی بەجێبهێڵێت (واتە : لەگەلیدا نەخەوێت و مافی سەرجێگەی نەدات ئەوا فریشتەکان لەعنەتی لێ دەکەن تاوەکو دەگەڕێتەوە لای و ئەو مافەی پێ دەدات).

وفي رواية أخرى : ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ) صحيح البخاري : (٥١٩٣)، وصحيح مسلم : (٣٥٢٦)

واتە : ئەگەر پیاوێك بانگی هاوسەرەكەی بكات بۆ سەرجێگاگەی و ئەویشنەچێت بۆ لای و پیاوەكەش ئەو شەو ە تاوەكو بەیانی تورەبوو لێی ئەوا فریشتەكان لەعنەتی لێ دەكەن تاوەكو رۆژی لێ دەبێتەوە.

پازدەم : دەنگی زورنا لە كاتی خۆشیدا و شیوەن كردن و هاوشێوەی ئەوە لە كاتی موسیبەت و ناخوشیدا:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (صَوْتَانِ مَلْعُونَانِ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ : مِزْمَارٌ عِنْدَ نِعْمَةٍ ، وَرَنَّةٌ عِنْدَ مُصِيبَةٍ) رواه البزار : (٧٥١٣) ، والضياء : (٢٢٠٠) ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع الصغير (٣٨٠١)

واتە : دوو دەنگ هەن لە دونیا و دواروژیشدا لەعنەت لێكراون :

دەنگی زورنا مۆسیقا لە كاتی خوشیدا و قیژە و هاواركردن لە كاتی موسیبەت و ناخوشیدا

وه (مِزْمار) بریتی یه لەو کەرەستە و ئامێرەی کە زورنای پێ لێدەدرێت زوربەی جار لەگەل گۆرانی وتن و ئەوەی کە

لەگەڵیدا دەبێت لە ئامێرەکانی تری مۆسیقا ژەنین وەکو

عود و تەپڵ و کەمانچە و جگە لەوانەش لە کەرەستە و ئامێرە حەڕامەکان بە کاردەهێنێیت.

شازدەم : ئەو کەسانەی کە لە کاتی موسیبەتدا قژیان دەڕنن .. یان هاوار دەکەن و دەنگ هەڵدەبڕن .. یان جلوبەرگیان دەدڕن:

عَنْ أُمِّ عَبْدِ اللَّهِ امْرَأَةِ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ قَالَتْ : ((إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَعَنَ مَنْ حَلَقَ أَوْ سَلَقَ أَوْ خَرَقَ) صحيح سنن النسائي : (١٧٦١)

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە قژی دەڕنێت یان هاوار دەکات و دەنگ هەڵدەبڕێت یان جلوبەرگی دەدڕێت.

حەڤدەم : ئەو ئافرەتانەی کە لە کاتی موسیبەتدا ڕوومەتیان دەڕنن و بریندار دەکەن .. یان یەخەیان دادەدڕن .. یان هاوار و واوە یلا دەکەن و داوای مردن و تیاچوون و نەمان دەکەن:

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ () : ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَعَنَ الْخَامِشَةَ وَجْهَهَا ، وَالشَّاقَّةَ جَيْبَهَا ، وَالدَّاعِيَةَ بِالْوَيْلِ وَالثُّبُورِ))

صحيح سنن ابن ماجه : (١٥٨٥) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتەی کە رووەتی

دەڕنێت و بریندارى دەکات ، وە ئەوەش کە یەخەی دادەدرێت ، وە ئەوەش کە هاوار و واوە یلا دەکات و دوعای مردن و تیاچوون

و نەمان لە خۆی دەکات.

هەژدەم : ئەو ئافرەتانەی کە خال دەکوتن و لە مووی رووەت و برۆیان دەکەن و بۆ جوانی ددانەکانیان شاش دەکەن و بەین دەخەنە نێوان ددانەکانیان:

عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ : ((لَعَنَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْعُودٍ الْوَاشِمَاتِ وَالْمُتَنَمِّصَاتِ وَالْمُتَفَلِّجَاتِ لِلْحُسْنِ الْمُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللَّهِ .فَقَالَتْ أُمُّ يَعْقُوبَ : مَا هَذَا ؟

قَالَ عَبْدُ اللَّهِ : وَمَا لِي لَا أَلْعَنُ مَنْ لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَفِي كِتَابِ اللَّهِ

قَالَتْ : وَاللَّهِ لَقَدْ قَرَأْتُ مَا بَيْنَ اللَّوْحَيْنِ فَمَا وَجَدْتُهُ

قَالَ : وَاللَّهِ لَئِنْ قَرَأْتِيهِ لَقَدْ وَجَدْتِيهِ : وَمَا ءَانَكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْه فَانتَهُوا [الحشر] صحيح البخاري : (٥٩٣٩) .

واتە : (عَبْدُ الله) ی کوری (مَسْعُود لەعنەتی کرد لەو ئافرەتانەی کە خال دەکوتن ، وە لەو ئافرەتانەش کە لە برۆ و مووی

رووەتیان دەکەن ، وە لەو ئافرەتانەش کە بۆ جوانی ددانەکانیان شاش دەکەن و بەینیان دەخەن و دروستکراوی خوا دەگۆرن.

نۆزدەم : ئەو ئافرەتانەی کە پرچ دەدەنە دەم پرچی ئافرەتانەوە و ئەوانەش کە داوای ئەوە دەکەن:

عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) : (أَنَّ جَارِيَةً مِنْ الْأَنْصَارِ تَزَوَّجَتْ وَأَنَّهَا مَرِضَتْ فَتَمَعَّطَ شَعَرُهَا ، فَأَرَادُوا أَنْ يَصِلُوهُ فَسَأَلُوا رَسُول اللَّهِ) ، فَقَالَ : لَعَنَ اللهُ الْوَاصِلَةَ وَالْمُسْتَوْصِلَةَ) صحيح البخاري : (٥٩٣٤) واتە کچێك لە ئەنصارەکان زەواجی کرد و نەخۆش کەوت و پرچی هەڵوەڕی

لەبەر ئەوە ویستیان پرچی تری پیوە بلکێنن و پرسیاریان کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش فەرمووی‌خوا لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتە ی کە پرچدەلکێنێ پرچی ئافرەتانەوە و لەو ئافرەتەش کە داوای ئەوە دەکات.

بیستەم : ڕیباخۆر و نووسەری گرێبەستەکە و دوو شایەتەکەش ئەوەی دەیدات

وَعَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) آكِلَ الرِّبَا وَمُوكِلَهُ وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ ، وَقَالَ : هُمْ سَوَاءٌ)

رواه الإمام أحمد في "المسند" : (٤٠٩٠) والنسائي في "السنن الكبرى" (٥١٠٢) وصححه الألباني في

صحيح سنن النسائي" : (٥١٠٢) . واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) " لەعنەتی کردووە لە

ڕیبا خۆر : (آكل الربا) / ١

ئە وە ی دەیدات : (مُوكِلَهُ) / ٢

نووسەری گرێبەستی ڕیباکە : (كَاتِبَه) / ٣

دوو شایەتەکەی نێوانیشیان ، : (شَاهِدَيْهِ) /

وە فەرمووی: ئەمانە هەموویان یەکسانن لە تاوانی ڕیبادا

بیست و یەك : گۆڕهەڵدەرەوە و مردوو دەرهێن:

عَنْ عَائِشَةَ (ا) : (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ((لَعَنَ الْمُخْتَفِي وَالْمُخْتَفِيَةَ) رواه البيهقي في "السنن الكبرى" : (١٧٧٠٦) وغيره ، وصححه الألباني في "سلسلة الأحاديث الصحيحة" . (٢١٤٨) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو پیاوە و لەو ئافرەتەش کە گۆڕهەڵدەدەنەوە . بە واتای دەرهێنان و دەرخستن لێکدراوەتەوە چونکە ئەو کەسەی

كه ئەم كاره ئەنجام دەدات مردوو دەردەهێنێت بە مەبەستی هەتک كردنی یان كفنی مردوو دەردەهێنێت و دەیبات.

بیست و دوو : ئەو پیاوەی كه له كۆمەوه دەچێته لای خێزانەكەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مَلْعُونٌ مَنْ يَأْتِي النِّسَاءَ فِي مَحَاشِهِنَّ يَعْنِي أَدْبَارِهِنَّ)

أخرجه ابن عدي من حديث عقبة بن عامر بسند حسن وله شاهد من حديث أبي هريرة مرفوعا به ، أخرجه أبو داود وأحمد قاله الألباني في "آداب الزفاف" ص : (٣٣) . واتە : لەعنەت و نەفرەت لێكراوە ئەو كەسەی كه له كومەوه - واتە : له كوني دواوه دەچێتە لای ئافرەت.

بیست و سێ : ئەو كەسەی كه بە چەك ئاماژە دەكات بۆ براكەی و ڕووی چەكی لێ دەكات :

عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ أَبُو الْقَاسِمِ) : (مَنْ أَشَارَ إِلَى أَخِيهِ بِحَدِيدَةٍ فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ تَلْعَنُهُ حَتَّى وَإِنْ كَانَ أَخَاهُ لِأَبِيهِ وَأُمِّهِ) صحيح مسلم رقم : (٦٨٣٢)

واتە : هەرکەسێك بە ئاسنێك ئاماژە بکات بۆ براکەی ئەوا فریشتەکان لەعنەتی لێ دەکەن ئەگەر چی برای خویشی بێت لە باوك و دایکیەوە.

بیست و چوار : بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنه) قَالَ : ((لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الرَّاشِيَ وَالْمُرْتَشِيَ)) (صحيح البخاري : (٧٠٧٢) وصحيح مسلم : (٢٦١٧

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لەعنەتی کردووە لە بەرتیخۆر و بەرتیلدەر.

بیست و پێنج : ئەو کەسەی کە لەشی گیانلەبەران دەشێوێنێت :

عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (يَقُولُ ((لَعَنَ اللَّهُ مَنْ مَثَّلَ بِالْحَيَوَانِ)) صحيح سنن النسائي : (٤١٣٩)

واتە : خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە لەشی گیانلەبەران بە زیندویەتی دەشێوێنێت و دادەڕزێینێت و لێی دەقرتێنێت

بیست و شەش : ئەو کەسەی کە شتێکی گیانلەبەر دەکاتە نیشان و ئامانجی تێهاوێشتن و شت تێگرتن:

عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ : (مَرَّ ابْنُ عُمَرَ بِفِتْيَانٍ مِنْ قُرَيْشٍ قَدْ نَصَبُوا طَيْرًا وَهُمْ يَرْمُونَهُ ، وَقَدْ جَعَلُوا لِصَاحِبِ الطَّيْرِ كُلَّ خَاطِئَةٍ مِنْ نَبْلِهِمْ ، فَلَمَّا رَأَوُا ابْنَ عُمَرَ تَفَرَّقُوا ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ : مَنْ فَعَلَ هَذَا ؟ لَعَنَ اللَّهُ مَنْ فَعَلَ هَذَا ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَعَنَ مَنِ اتَّخَذَ شَيْئًا فِيهِ الرُّوحُ غَرَضًا)

صحيح البخاري : (٥٥١٥) وصحيح مسلم : (٥٠٣٥) واللفظ له

واتە : (سَعِيد)ی کوری (جُبَيْر) فەرموویەتی : (عَبْدُ الله) ی کوری (عُمر) بە لای چەند گەنجێکی تازە پێگەیشتوودا لە قورەیش

تێپەربوو کە باڵندەیەکیان دانابوو تیریان تێدەگرت ،

وە بریاری ئەوەیان دابوو کە هەر تیرێك لە تیرەکانیان ئەو باڵندەیە نەپێکێت ئەوە تیرەکە بۆ خاوەن باڵندەکە بێت ،

کاتییێك کە ئەوان (ابْنُ عُمَر) یان بینی بلاوەیان کرد

(ابْنُ عُمَر) پێش فەرمووی : کی ئەمەی کردووە ؟

خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە ئەمەی کردووە ، بەراستی

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو کەسەی کە شتێکی گیانلەبەر دەکاتە نیشان و ئامانجی تێهاوێشتن و شت تێگرتن.

بیست و حەوت : نیشان کردن یان لێدانی وڵاخ و ئاژەڵ لە ڕومەتییدا:

عَنْ جَابِرٍ () أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) (مَرَّ عَلَيْهِ حِمَارٌ قَدْ وُسِمَ فِي وَجْهِهِ فَقَالَ : لَعَنَ اللَّهُ الَّذِي وَسَمَهُ)

(صحيح مسلم : (٥٥١٨)

واتە : گوێدرێژێک بە لای پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەربوو کە دیاری و نیشانکرابوو لە ڕوومەتیدا ئەویش فەرمووی : لەعنەتی خوا لەو کەسەی کە ئەمەی دیاری و نیشان کردووە.

بیست و هەشت : عارەق و ئەوانەی کە پەیوەندیدارن پێیەوە:

پیغە مبە ری خوا (ﷺ) دە فە رمویت : (لَعَنَ اللهُ الْخَمْرَ وَلَعَنَ شَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَعَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَبَائِعَهَا وَمُبْتَاعَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ وَآكِلَ ثَمَنِهَا) . رواه الإمام أحمد في مسنده" : (٥٨٤٩) وأبو داود : (٣٦٧٤) والحاكم : (٢٢٣٥) ، وصححه

الألباني في صحيح أبي داود : (٣٦٧٤)

واتە : خوا لەعنەت و نەفرەتی کردووە لە : خواردنەوە بێ هۆشکەرەکان ، وە لەعنەت و نەفرەتیشی کردووە لە ئەو

کەسەش کە دەیخواتەوە ، وە ئەوەشی کە دەیگرێتەوە بۆ خواردنەوەی ، وە ئەوەشی کە دەیگرێتەوە ئەوەشی

کە داوا دەکات بۆی بگرنەوە ، وە ئەوەشی کە دەیفرۆشێت ، وە ئەوەشی کە دەیکڕێت ، وە ئەوەشی کە هەڵێدەگرێت و باری دەکات ، وە ئەوەش کە بۆی هەڵدەگرن ، وە ئەوەش کە نرخ و پارەکەی دەخوات.

بیست و نۆ : دونیا و شتە ڕازاوەکانی جگە لە زیکری خوا و ئەوەشی کە خۆشی دەوێت:

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ((وَهُوَ يَقُولُ : ((الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ ، مَلْعُونٌ مَا فِيهَا إِلا ذِكْرَ اللَّهِ وَمَا وَالاهُ أَوْ عَالِمَاً أَوْ مُتَعَلِّمَا)) صحيح سنن ابن ماجه : (٤١١٢)

(٢٧٩٧) : وسلسلة الأحاديث الصحيحة

واتە : دونیا لەعنەت لێ کراوە و ئەوەشی کە تێیدایە لەعنەت لێ کراوە جگە لە زیکری خوا و ئە وەی کە خوا خۆشی دەوێت یان زانایەك یان قوتابی عیلم نەبێت.

سییەم : کە شتێك حەڕام بوو فرۆشتنیشی حەڕام دەبێت :

پێغەمبە ری خوا (ﷺ) فە رموویە تی : ((لَعَنَ اللَّهُ الْيَهُودَ ثَلَاثًا ، إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ الشُّحُومَ فَبَاعُوهَا وَأَكَلُوا أَثْمَانَهَا ، وَإِنَّ اللَّهَ إِذَا حَرَّمَ عَلَى قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ حَرَّمَ عَلَيْهِمْ ثَمَنَهُ))

رواه الإمام أحمد في مسنده" : (٢٢٢١) وأبو داود : (٣٤٩٠) وصححه الألباني في "صحيح أبي داود" : (٣٤٩٠)

واتە : لەعنەتی خوا لە جوولەکە - سێ جار - ، بەڕاستی خوا بەزی لەسەر حەرام کردن ئەوانیش فرۆشتیان و نرخەکانیان دەخوارد ، وە بەراستی ئەگەر خوا خواردنی شتێك لەسەر خەلکانێك حەرام بکات ئەوا نرخەکەشی حەرام دەکات لەسەریان.

لە کۆتایی دا داواکارم لە پەروەردیگار لەو کەسانە نەبین کە دۆڕاون ، خوشك و برایان لەو کارانەی باسمان کرد دەبێ زۆر ئاگاداربین چونکە کردنی ئەو کارانە واتە دۆڕان لە قیامەت سەرگەردان بوون و سەرشۆری بەرامبەر اللە تعالی لەبەر ئەوە با ئاگاداری خۆمان و کردەوەکانمان بین ، داواکارم لە پەروەردیگاری مەزن ئەو کارەم بکاتە تێشوێك بۆ قیامەت و لێم قبوڵ بکا اللهم امین ڕەحمەتی اللە تعالی لە هەموتان بێت.

٢٢ذوالحجة ١٤٤٥

٢٠٢٤/٦/٢٨

١٠ ی شەو تەواو بوم لە نوسینی ئەم کتێبە

سەرچاوەکان

- ١/القران الكريم
- ٢/صحيح الجامع الصغير
- ٣ /صحيح البخاري
- ٤/صحيح مسلم ،
- ٥/العمدة في تمييز الكبائر
- ٦ / مرويات اللعن في السنة ، باسم الجوابرة
- ٧ / صحيح الترغيب والترهيب ، الألباني
- ٨ /سلسلة الأحاديث الصحيحة ، الألباني
- ٩/صحيح سنن الترمذي - ابن ماجه - النسائي - أبو داود باختصار السند ، الألباني
- ١٠ / تفسير القرآن العظيم ، ابن كثير
- ١١ / مختصر صحيح مسلم ، المنذري ، الألباني
- ١٢/تەفسیری ئاسان

ناوەڕۆک

پێشەکی..... ٢

بەشی یەکەم (دۆڕاوەکان) ٥

بەشی دووەم (ئەو کەسانەی بە ئاشکرا دۆڕاون) ١٩

بەشی سێیەم..... ٢٦

بەشی چوارەم (دوربوون لە دۆڕان)..... ٣١

بەشی پێنجەم (ئەو کارانە بکەی دۆڕاوی)..... ٤٢